# چیرۆکەکانی قورئانی پیرۆز

م/ شێرزاد عبدالقادر

بسم الله الرحمن الرحیم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

بەشێکی گرنگ لەو زانستانەی کە قورئانی پیرۆز لە خۆی گرتووە بریتییە لە چیرۆکی پێغەمبەران(علیهم الصلاة والسلام) و خواناسان، وە بێ گومان باسکردنی ئەم باسە زۆر گرنگە، ئێمەش لەم ژمارەیەدا لەسەر ئەم باسە دەدوێین لەم چەند ڕووەوە

١. مانای چیرۆک لە قورئاندا.

٢. تایبەتمەندێکانی چیرۆکی قورئان.

٣. سودی باسکردنی چیرۆک لە قورئاندا.

٤. دووبارەبوونەوەی چیرۆک لە قورئاندا.

٥. چیرۆک لە قورئاندا ڕاستییە نەک (خەیاڵ)

٦. سوود وەرگرتن لە چیرۆکی قورئان لە بواری پەروەردەو بانگەوازدا.

* مانای چیرۆک لە قورئاندا.

* چیرۆکەکانی قورئان: بریتییە لەو هەواڵانەی کە قورئان بۆمان دەگێڕێتەوە سەبارەت بە حاڵ و وەزعی ئوممەتەکانی ڕابردوو، وە سەبارەت بە پێغەمبەرانی لەوەو پێش(علیهم الصلاة والسلام)، وە بەو ڕووداوانەی لە سەردەمیاندا هەبووە، وە بەشێکیش لە چیرۆکەکانی قورئان بریتییە لەو ڕووداوانەی کە لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ ڕووی داوە، وەکو باسکردنی جەنگی بەدرو (أُحُد).

* تایبەتمەندی چیرۆکەکانی قورئان:

**یەکەم:** چیرۆکەکانی قورئان ڕاستگۆترین چیرۆکن، چونکە بەتەواوی یەکسانن لەگەڵ ڕاستیدا بەبێ هیچ زیادوو کەمێک لێی، هەروەکو خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ اللهِ حديثاً﴾ [النساء: ٨٧].

واتە: ووتەی کەس لە ووتەی خوای گەورە ڕاستتر نییە.

جا هەموو ووتەیەکی خودا، وە هەموو هەواڵێك لە لایەن ئەوەوە لەو پەڕی پلەکانی ڕاستیدایە، وە هەرشتێك بووترێت لە هەر بوارێکدا کە پێچەوانەی هەواڵی خودا بێت ئەوا ناڕاستە، لەبەر پێچەوانەیەتی بۆ هەواڵی ڕاستی بێ گومان.

**دووەم:** چیرۆکی قورئان جوانترین چیرۆکە، چونکە بەرزترین پلەکانی تەواوی و بەرزی تێدایە لە ڕەوانبێژی مەزنی مانادا، خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿نَحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ أَحْسَنَ الْقَصَصِ بِمَا أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ هَذَا الْقُرْآنَ﴾ [يوسف: ٣].

واتە: ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ئێمە جوانترین و چاکترین چیرۆکت بۆ دەگێڕینەوە کە لەو پەڕی ڕاستی و مانا جوانی و ووشە پتەویدان، ئەم گێڕانەوەیەش بەهۆی ئەوەی کە قورئانمان بۆت دابەزاندووە کە جۆرەها باس و ڕووداوی تێدایە، هەرچەندە تۆش ئەی پێغەمبەرﷺ لە پێش ئەم قورئانە بێ ئاگا بوویتە لە پەیامی خودا، بەڵام قورئانمان کردە ڕۆشنییەك بۆ تۆ، وە بۆ هەرکەسێك کە شوێنی بکەوێت.

سێیەم: چیرۆکی قورئان بەسوودترین چیرۆکە، چونکە کاریگەری بەهێزە لە چاککردنی دڵەکان و کردەوەکان.

خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِأُولِي الْأَلْبَابِ﴾ [يوسف: ١١١].

واتە: بەڕاستی لە چیرۆکی پێغەمبەران لەگەڵ نەتەوەکانیاندا جۆرەها پەندو ئامۆژگاری هەیە بۆ خاوەن عەقڵەکان، چی چاکەکاران، وە چی خراپەکاران کە هزری خۆیان بجولێنن، وە بۆیان دەردەکەوێت کە هەرکەسێك هەمان کاری ئەو پێشینانە بکات هەمان ئەنجامی دەبێت لە خۆشی یان سزاو ناخۆشی. وە هەروەها بۆیان دەردەکەوێت کە خودای پەروەردگار خاوەنی سیفاتی هەرە تەواو بەرزە، وە خاوەنی داناییەك و بڕیاردانێکی تەواوە، وە تەنها هەر ئەو خودایەیە کە دەبێت پەرستنی بۆ ئەنجام بدرێت، جا هەر کەسێك بییەوێت چیرۆکەکانی قورئان جوانتر بکات یان تەواوتر بکات بەوەی چەند باسێکی بۆ زیاد بکات لە هەواڵی مێژوویی گاورو جولەکە کە

نازاندرێت ئەو هەواڵانە ڕاستن یان ناڕاستن، ئـەوا کـارێکی هەڵـەی کـردووە لـە چـەند لایەکـەوە. ئـەم جـۆرە هەواڵانـەش کـە بـە سەنەدی صحیح نەهاتوونـە، وە کـە قورئـان شایەتی لەسەر نادات زۆر بڵاوە لـە کۆمـەڵێك لـە تەفـسیرەکان، وە زۆرتـریش لـە فلیمـە بەناو (ئاییینی‌یەکان).

## * سوودەکانی گێڕانەوەی چیرۆك لە قورئان.

خـــوای گـــەورە چـــیرۆکێکی زۆری بۆمـــان باسکردووە لە قورئاندا، ئەمـەش بـێ گومـان سوودی زۆری هەیە:.

١. جێگیرکردن و شایەتیدان لەسـەر ڕاسـتی-یـەتی پـەیامی پێغەمبەرایـەتی محمـد ﷺ چـونکە هـەواڵی نەتـەوەکانی ڕابـردوو تـەنها خـودا دەی زانـێ، جـا هـەر چـیرۆکێك لـە چـیرۆکەکانی نەتـەوەکانی ڕابـردوو بەڵگـەی تـەواوە لەسـەر ڕاستی‌یـەتی پێغەمبەرایـەتی محمد ﷺچونکە پێغەمبـەر ﷺ ئـەو جـۆرە چـیرۆکانە بـۆ کەسـانی دەورو پـشتی خـۆی دەگێڕایـەوە لـە دۆسـت و دوژمنـی لەگـەڵ ئەوەشدا کتێبی هیچ کەسێکی نەخوێندبوو، وە لای کەســـیش وانـــەی نەخوێنـــدبوو، لەهـــەمان کاتیـــشدا قەومەکـــەی بـــەیانی و ئێوارە دەیان بینی لـە نێـوان خۆیاندایـە، وە دەیـــان زانـــی پێغەمبەرێکـــە نـــە توانـــای خوێندنی هەیە نەنووسـین، لەگـەڵ ئەوەشـدا هــەواڵی پێغەمبــەرﷺ، وە گێڕانــەوەی بــۆ چـــیرۆکەکانی وەکـــو هـــەواڵ و چـــیرۆکی کتێبـەکانی پێغەمبـەرانی(علـــیهم الـــصلاة والسلام) پێش خۆی بووە.

٢. ڕوونکردنـەوەی دانـایی خـودا لـەوەی کـە چیرۆکەکان لەخۆی گرتووە هـەروەکو خـوای گەورە ئەفەرمێت:

﴿وَلَقَدْ جَاءَهُمْ مِنَ الْأَنْبَاءِ مَا فِيهِ مُزْدَجَرٌ حِكْمَةٌ بَالِغَةٌ﴾ [القمر: ٤-٥].

واتە: بەڕاسـتی بـێ بـاوەڕان هـەواڵی زۆریـان پـێ گەیـشتووە لـە هـەواڵی ڕابـردوو هـەواڵی دێ، وە لـەجۆرەها (معجیـزات)، ئەمـەش بـۆ ئەوەی ئەو شتانە ببێت بـە قەدەغەلێکـەرێك بۆیان لە بێ باوەڕی و نـەزانیان، هێنانـەوەی ئەم هەواڵ و ڕووداوانە لە لایەن خودا لەسـەر زاری پێغەمبـەرانی(علیهم الصلاة والـسلام) داناییەکی زۆر مەزنە لـە لایـەن خـوداوە، بـۆ ئەوەی بەڵگەی خودا جێگیر بێت لەسـەر بـێ بـاوەڕان، وە هـیچ کەسـێك لـە دوای هـاتنی پێغەمبـەران(علیهم الصلاة والسلام) پاسـاوی نەمێنێت.

٣. ڕوونكردنەوەی دادپەروەری خودا لە سزادانی بێباوەڕان. هەروەكو خودا دەفەرمێت:

﴿وَمَا ظَلَمْنَاهُمْ وَلَكِنْ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ فَمَا أَغْنَتْ عَنْهُمْ آَلِهَتُهُمُ الَّتِي يَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ مِنْ شَيْءٍ لَمَّا جَاءَ أَمْرُ رَبِّكَ﴾ [هود: ١٠١].

واتە: كاتێك ئێمە بێباوەڕانمان لە ناوبرد ئەوا ستەممان لێیان نەكرد، بەڵام خۆیان ستەمیان لەخۆیان كرد بەئەنجام دانی جۆرەها هاوەڵ بڕیاردان و بێباوەڕی و بەرەنگار بوونەوەی پێغەمبەران(علیهم الصلاة والسلام)، جا كاتێك فەوتاندنیان بەسەر هات ئەوا ئەو پەرستراوە ناڕاستانەی كە دەیان پەرست هیچ سودێكی پێیان نەگەیاند.

٤. ڕوونكردنەوەی ئەوەی كە خودا چۆن پاداشتی باوەڕدارانی داوەتەوە، هەروەكو چیرۆكی باوەڕدارانی قەومی (لوط) ﷺ دەفەرمێت:

﴿إِنَّا أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ حَاصِبًا إِلَّا آَلَ لُوطٍ نَجَّيْنَاهُمْ بِسَحَرٍ نِعْمَةً مِنْ عِنْدِنَا كَذَلِكَ نَجْزِي مَنْ شَكَرَ﴾ [القمر: ٣٤-٣٥].

واتە: دوژمنانی (لوط)مان لەناودا، بەڵام (لوط ﷺ و شوێن كەوتووانیمان ڕزگار كرد لە سزای گەورە، بە هۆی سوپاس كردنیان بۆ خودا، وە بەهۆی پەرستنیان بۆ خودای گەورە.

٥. دڵ نەوایی كردنی پێغەمبەر ﷺ لەوەی كە تووشی دەبێت لە ئازارو ناخۆشی لە لایەن بێ باوەڕانەوە. هەروەكو خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿فَإِنْ كَذَّبُوكَ فَقَدْ كُذِّبَ رُسُلٌ مِنْ قَبْلِكَ جَاءُوا بِالْبَيِّنَاتِ وَالزُّبُرِ وَالْكِتَابِ الْمُنِيرِ﴾ [آل عمران: ١٨٤].

واتە: ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ گەر بێ-باوەڕان تۆیان بە درۆ زانی ئەوا بزانە ئەمە داب و نەریتی ستەمكارانە، چونكە دابیان بریتییە لە كوفر كردن بەخوا، وە بە درۆخستنەوەی پێغەمبەران(علیهم الصلاة والسلام)، وە ئەم دژایەتییەیان لە نەزانی و پێ نەگەیشتنی ڕاستی نییە بۆیان، بەڵكو ئەمە لە دوای ئەوەی كە پێغەمبەرەكانیان (علیهم الصلاة والسلام) بەڵگەی ڕوونكردنەوەی زۆریان بۆ هێناون، وە كتێبی ئاسمانی خودایان بۆ هێناون كە ڕوونكەرەوەن بۆ حوكمە شەرعییەكان، وە ڕوونكەرەوەن بۆ هەواڵی ڕاست و بەسوود، جا ئەگەر ئەمە دابیان بێت لەگەڵ

پێغەمبەراندا ئەوا تۆ خەفەتیان لێ مەخۆ، وە بەردەوام بە لەسەر بانگەوازەکەت.

٦. ڕوونکردنەوەی ئەوە کە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) پەروەردەکاری بڕواداران، بە جۆرێك كە موسڵمانان کەمترین چاکەیان بەدەست نەهێناوە، وە کەمترین خراپەیان لەسەر لانەچووە مەگەر لەسەر دەستی پێغەمبەران نەبێت(علیهم الصلاة والسلام)، جا زۆر ناشرینە بۆ موسڵمانان کە بێ ئاگابیت لە حاڵی پەروەردەکەری و مامۆستاکەی، خۆ ئەگەر شتێکی خراپ بێت مرۆڤ بێ‌ئاگا بێت لە حاڵی دایك و باوکی، ئەوا بێ‌ئاگا بوون لە حاڵی پێغەمبەرەکەی زۆر خراپترە، چونکە پێغەمبەرەکەی چاکترە بۆ ئەو لە خودی نەفسی خۆشی، هەر بۆیەش لە دوای مافی خودا – مافی پێغەمبەران(علیهم الصلاة والسلام) لە پێش هەموو مافێکە.

٧. پەند وەرگرتن لەوەی ڕووی داوە لە ژیانی پێغەمبەران(علیهم الصلاة والسلام)، موسڵمانیش بەم کارە مامۆستایەتی جوان وەردەگرێت، وە زۆر نارەحەتی لەسەر سوك دەبێتەوە، چونکە ئەو نارەحەتییانە هەرچەندە زۆر بن ئەوا ناگاتە بەشێکی زۆر کەم لەوەی کە بەسەر پێغەمبەراندا (علیهم الصلاة والسلام)هاتووە.

گەورەترین سودمەندبوون لە ژیانی پێغەمبەران بریتییە لە شوێنکەوتنیان لە ئامۆژگارییەکانیان، وە لە چۆنێتی گەیاندنی زانستی شەرعی بە پێی پلەکان و هەستی مرۆڤەکان، وە لە ئارام گرتن لەسەر کاری فێرکردن، وە لە بانگەوازکردن بۆ ڕێگای خودا، هەر بەم شتانەش زانایان بوون بە میراتگری پێغەمبەران.

٨. وە یەکێك لە سوودەکانی شارەزابوون لە چیرۆکی پێغەمبەر محمد ﷺ بریتییە لە شارەزابوون لەمانای ئەو ئایەتانەی کە لەسەری دابەزیوە، چونکە گەیشتن بەمانا پەیوەستە بەزانینی حاڵی پێغەمبەر ﷺ، وە چۆنێتی هەڵسوکەوتی لەگەڵ هاوەڵان و نەتەوەکەی وە لەگەڵ کەسانی دیکەش، چونکە کاتەکان و کەسەکان و شوێنەکان جیاوازن زۆر لەناو یەکدا.

٩. بەشێك لە مافەکانی پێغەمبەران بەسەرماندا – بەتایبەت محمدﷺ بریتییە لە ناسینیان، وە خۆشەویستیان خۆشەویستییەکی ڕاست و تەواو، ڕێگاش

بۆ ئەم مافە نىيە جگە لە زانينى حاڵ و چيرۆكيان.

١٠. زانين بە حاڵ و چيرۆكى پێغەمبەران(عليهم الصلاة والسلام) وا لە موسڵمانان دەكات كە سوپاسى خودا بكەن بەوەى كە پێغەمبەرێكيان بۆ ڕەوانە كراوە كە پاكيان دەكات، وە فێرى كتێبى خوايان دەكات لە پاش ئەوەى كە ئەو نەتەوانە لەو پەڕى گومڕايى دا بوون.

## دووبارەبوونەوەى چيرۆكەكان

هەندێك لە چيرۆكە قورئانىيەكان تەنها جارێك باس كراوە، وەكو چيرۆكى (لقمان) و (هاوەڵانى ئەشكەوت) وە هەيانە چەند جارێك دووبارە دەبێتەوە بەپێى ئەوەى پێويستى و بەرژەوەندى دەى خوازێ، ئەم دووبارەكرانەوەيەش بەيەك شێواز نايەت، بەڵكو جياوازن لە كورتى و درێژى و شێوازى دەربڕينى، وە باسكردنى هەندێك لايەنەكانى چيرۆكەكە لە شوێنێك، وە باسكردنى هەندێكى ديكە لە شوێنێكى تر. ئەمەش بێ گومان چەندەها سوودو دانايى تێدايە:

١. ڕوونكردنەوەى ئەوەى كە ئەم چيرۆكە زۆر گرنگە، هەر بۆيەش دووبارە كراوەتەوە.

٢. بەهێزى ئيعجازى قورئان، چونكە هێنانەوەى يەك مانا بە چەند شێوازێكى جۆراوجۆر لەگەڵ بێ دەسەڵاتى عەرەبەكانى سەردەمى دابەزينى قورئان زۆر بەهێزترە لە بەرەنگاربوونەوەى ئەو عەرەبانە.

٣. گرنگى دان بەباسى چيرۆكەكە لە پێناو جێگيربوونى پەندو ئامۆژگارىيەكانى لە دەروونا، چونكە دووبارە كردنەوەى باس لە ڕێگاكانى بەهێز كردنێتى، وە لە نيشانەكانى گرنگى دانە پێى، هەروەكو ئەمە زۆر بەڕوونى دەبينين لە چيرۆكى (موسى)دا ﷺ لەگەڵ (فيرعەون)دا، چونكە ڕووداوێكە ناكۆكى و بەرەنگاربوونەوە دەنوێنێ لە نێوان ڕاستى و ناراستىدا بەو پەڕى نواندن. ئەمەش سەرەڕاى ئەوەى چيرۆكى قورئان دووبارە نابێتەوە لە خودى يەك سورەتدا هەرچەند لە چەندەها شوێنى ديكەدا دووبارە ببێتەوە.

٤. جياوازى ئەو مەبەستەى كە چيرۆكەكە لەپێناويدا دەهێنرێتەوە، قورئانى پيرۆز

هەندێك لەو مانایانە دەهێنێتەوە لە شوێنێکدا کە مەبەستە لەو چیرۆکە، بەڵام چەند مانایەکی دیکە دەهێنێتەوە لە شوێنی تردا لە قورئان ئەو مانایانە مەبەستە لە هەمان چیرۆکدا، ئەمەش بە پێی جیاوازی ئەوەی کە ئەو حاڵەتە دەی خوازێ.

## چیرۆکی قورئان ڕاستی یە نەک خەیاڵ:

ئەوەی لێرەدا شایەنی ووتنە ئەوەیە کە یەکێك لە خوێندکارە زانکۆیەکانی ووڵاتی (میصر) نامەیەکی(دکتۆرا)ی پێشکەش کرد بۆ کۆلێژەکەی (کۆلیژی ئاداب) لە ساڵی (١٣٦٧)ی کۆچی. کە ناونیشانی نامەکەی بریتی بوو لە (الفن القصصي في القرآن)، واتە: (هونەری چیرۆك لە قورئاندا). ئەم نامەیەش دەنگ ومشتومڕی زۆری دروست کرد لە ناوەندەکانی خوێندنی ئەو سەردەمەدا.

لە ڕاستیدا ناوەڕۆکی ئەم نامەیە- هەروەکو هەندێك لە مامۆستایانی ئەو شوێنە باسی لێوە دەکەن- بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بنەمای چیرۆکی قورئان بریتی یە لە کارێکی هونەری و ئەدەبی، وە ملکەچە بۆ باسکردنی ماناو هەستی زیاد لە ناو چیرۆکدا ئەگەر ئەو ماناو هەستانە لە ڕاستیشدا نەبن.

واش دەردەکەوێت کە ئەم خوێندکارە هونەری چیرۆکی ئەدەبی خوێندووە، لەوەش گەیشتووە کە گرنگترین بنەمای ئەو جۆرە چیرۆکانە ئەوەیە کە دانەرەکەی پەنا بەرێتە بەر هێنانە کایەوەی خەیاڵو مانای تازە. وە هەرچەندە ئەم خەیاڵە زۆرتربێت وە دوورتربێت لە ڕاستی ڕودانی یەوە ئەوا ئەو چیرۆکە خەڵکی زیاتر حەزیان پێ دەبێ، وە زیاتر لەزەت لە بیستنی یان خوێندنەوەی دەکەن.

لە پاشان ئەم خوێندکارە- وادەردەکەوێت- چیرۆکەکانی قورئانی پێواوەتە سەر چیرۆکی ئەدەبی مرۆڤەکان.

بەڵام قورئانی پیرۆز وا نی یە، چونکە دابەزێنراوە لە لایەن خودایەکی زاناو داناداو، وە هەر هەواڵ و باسێك هەبێت ئەوا ڕاستەو یەکسانە لەگەڵ ڕاستی دا، هەروەکو لەوەو پێش باسمان کرد، خۆ ئەگەر مرۆڤە ئاقڵەکان خۆیان بەدوور بگرن لە درۆ، وە زۆر بە خراپ و نرخ شکێنی مرۆڤ دا بنێن،

ئـەوا چـۆن دەبێـت مرۆڤـی ژێـر تۆمـەتی ناڕاستی بداتە پاڵ ووتەی خودای مەزن.

گومـانیش لـەوەدا نـیـیـە کـە خـوای گـەورە (حقّ)ە، وە نـاردنی پێغەمبەرەکـەی ﷺ بـە (حەق)و ڕاستیـیە، وە هـەر ووتەیـەکی خـودا کـە پێغەمبەرەکـەی دەی گـەیێنێ ڕاسـت و دروسـتە، جـا بـە هـیچ شـێوازێك گومـانی (خـەیاڵ)و ناڕاسـتی لـە قورئانـدا مەزەنـدە ناکرێت.

### *گرنگی بەکارهێنانی چیرۆکی قورئان لە بواری پەروەردەدا:

گومان لەوەدا نییە کە چیرۆکی پتـەو جـوان زوو دەڕواتـە نـاو دڵـی مرۆڤـەوە، وە بیسـەر باشـتر ئامادەیـە بـۆ بـۆ وەرگرتنـی، بـەبێ ئـەوەی تووشـی بێـزاری ببێـت، لـە هـەمان کاتیـشدا جـوانترین سـوود لـەو مەبەسـتانە وەردەگرێـت کـە مەبەسـت بـووە لـە هێنانەوەی ئەو چیرۆکە بۆی.

شـێوازی وانـە ووتنـەوەی سـادە- دوور لـە چـیرۆك- بێـزاری بـۆ بەرامبەرەکـە دروسـت دەکـات، لاوانـیش نـاتوانن بـەردەوام گـوێ بیستی ئەو وانەیە بینەوە مەگەر بەزەحمـەت نـەبێت. هـەر بۆیـەش بـەکارهێنانی ڕێگـای چیرۆك سوودی زیاترە.

جا لە چیرۆکەکانی قورئانی پیرۆز باسـی زۆر بە پیت هەیە کە یارمەتی دەری مامۆسـتایان و بانگەواز کارانی ڕێگـای خـودان بـۆ ئـەوەی سەرکەوتوو بن لە کارەکەیانـدا، چـونکە ئـەو چـیرۆکانە بابـەتێکی پەروەردەکـەریان پـێ دەبەخشێت لە چیرۆکی پێغەمبـەران، وە لـە هەواڵی نەتەوەکانی ڕابـردوو، وە لـەوەی کـە خـودا چـی بەسـەر ئەوانـدا هێنـاوە. ئەمـەش سەرەڕای ئەوەی کە هەمووی چیرۆکی ڕاست و دروسـتن. جـا ئـەو کەسـەی کـە کاردەکـات لـە بواری فێرکردن و بانگەوازدا ئەوا دەتوانێت ئـەو چیرۆکە بگێڕێتـەوە بـە جۆرێك و شـێوازێك کـە گونجـاوە لەگـەڵ ئاسـتی ڕۆشـنبیری فێرخوازەکـان و گـوێ گرەکـان. ئومێـدیش دەکرێـت کـە بـەکارهێنانی ئـەم شـێوازە بەرووبومێکی زۆر باشی هەبێ.

بەمەش کۆتایی دەهێنین بە باسی ئەم جارە. بۆ ژمارەی داهاتوو هەوڵ دەدەین -إن شاء الله- بدوێین لە بارەی باسێکەوە کە پەیوەندی هەیە بە چەند لایەکی چیرۆکەوە، ئەوەش باسی (الإسرائيليات)ە .

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

**ساێتی بەهەشت**
**www.ba8.org**